چاوان بەهادین

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# ئەو یارییەی من هەڵم بژاردووە بە بووکی یارییەکان دادەنرێت

■

پارێزگای سلێمانی زۆربەی کات بەوە ناوی دەرکردوە، کە لە یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش، پێشەنگ بووە لە دروستکردنی یاریزانی بەتوانا، یانەی پێشمەرگەی سلێمانییش یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستە جیاوازەکانی تەمەن دەدات، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی باشترین پێکهاتە لەسەر ئاستی کوردستان، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (چاوان بەهادین)ـە، ئەو ماوەیەکی زۆرە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، بەتایبەت لە یاریی یەك باز و سێ بازدا بەشدار بووە و، خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، ئەم یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری سلێمانییە و تەنیا بۆ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاریی کردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان ئاراستە کرد و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

■ دیمانە: کارزان کانەبی









*** چۆن بوو خۆت لە نیو دونیای وەرزشدا دۆزییەوە؟**

-خولیایەکی منداڵیم بوو، هاوکات پاڵپشتیی خوشکەکانم بوو کە وایان کرد من زیاتر نزیکتر ببمەوە لە وەرزش، لە ساڵی ٢٠٠٨ تا ئێستا لە وەرزشکردن و لەم یارییە بەردەوام.

*** بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

-حەز و خولیایم بوو، خۆشەویستییەکی تایبەتم بۆ ئەم یارییە هەبووە، ئەویش زیاتر لە بەر خۆشەویستیی خوشکەکانم بووە.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە بۆ کچان وەرزشێکی کەمێك قورسە؟**

- ڕاستە یارییەکی قورسە، بەڵام ئەو یارییەی من هەڵم بژاردووە بە بووکی یارییەکان دادەنرێت، یارییەکی ئاسانە و خۆشە لای من، چونکە هەڵبژاردەی خۆمە، خۆشم دەوێت.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**

- بەهۆی کەمیی یانەکانەوە هیچ ئاستێکی وا باش نابینم، ئەو یانانەی کە هەشن ئاستیان زۆر لاوازە، لە کوردستان هەموو یارییەکان لاوازن، بە تایبەت گۆڕەپان و مەیدان هیچ گرنگییەکی پێ نادرێت.

*** بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی باشتر چی بکرێت باشە؟**

-کردنەوەی زۆرترین پاڵەوانێتی، پشتگیریکردنی یاریزانان و یانەکانیش لە ڕووی ماددییەوە و، دابینکردنی پێداویستییەکانیان، ڕاهێنەری شارەزا لە بواری گۆڕەپان و مەیدان، ئەمانە هەموو گرنگن بۆ پێشخستنی وەرزش.

*** خەونی وەرزشیت لە گۆڕەپان و مەیدان چییە و، دەتەوێت بە چ ئاستێك بگەیت؟**

-خەونی من ئەوەیە بگەم بە هەموو پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەو، شکاندنی زۆرترین ژمارەی پێوانەیی و گەیشتن بە ئۆلۆمپیات.

*** بۆچی پێشمەرگەی سلێمانیت هەڵبژارد؟**

-دەستپێکی من لەو یانەیە بوو، هەموو کات بە شانازییەوە دەڵێم وەکو ماڵی دووەمی منە، هەمووکات پاڵپشت و پشتیوانی من بوون و سوپاسی هەموویان دەکەم.

*** ئایا لە ئەنجامەکات ڕازیت؟**

-لە ئاستی تەمەن بچووکەکان پلەی یەکەم هەبووە و، ژمارەی پێوانەیی عێراقیش، لە ئاستی پێشکەوتوانیش بەهەمان شێوە، لە یاریی یەك باز و سێ باز زۆرترین پلەی یەکەمیم بەدەست هێناوە، لە سێ باز ژمارەی پێوانەییم شکاندنەوە ١١مەتر و ٧٣سم ئەمساڵ وەك کچە کوردێك توانیم ڕۆژێکی مێژوویی بۆ خۆم تۆماربکەم.

*** جگە لەم یارییە چ یارییەکی دیکە ئەنجام دەدەیت؟**

- بەرزکردنەوەی قورساییشم ئەنجام داوە و، لەو بوارەشدا خاوەنی پلەی یەکەم بووم.

*** وەك کچە وەرزشکارێك هیوا و ئاواتت چییە؟**

- هیواخوازم لە داهاتوودا ببمە ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو، تا بتوانم خزمەتی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بکەم.

*** هەست چییە کاتێك ڕیکۆردی گەورە دەشکێنی؟**

-هەستێکی تایبەتم هەبوو، کە ئەو ژمارە پێوانەییانە دەشکێنم، هەست دەکەم ماندوو بوونم بە فیڕۆ نەڕۆیشتووە، بۆکچێکی کورد کەم نییە ژمارەیەك بشکێنێ کە چەندین ساڵە نەشکاوە.

*** گرێبەستت لە هیچ یانەیەك بۆ هاتووە؟**

-نەخێر تا ئێستا بۆم نەهاتووە، بەڵام بەپێی کات لەوانەیە هەموو گۆڕانکارییەك ڕوو بدات.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن لەم بووارەدا؟**

-خانەوادەکەم پاڵپشتی سەرەکیمن، سوپاسی هەموویان دەکەم بۆ ئەو پشتگیرییە بەردەوامە.

*** لە کۆتایی دەتەوێ چی بە لایەنی بەرپرس بڵێیت؟**

-بەهیوای ئەوەم لە داهاتوودا یاریگایەکی تایبەت بەم یارییە دروست بکرێت بۆ یانەکانی کچان، هیوادارم لە کوردستان زیاتر گرنگی بەم یارییە بدرێت، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتەی بێ جیاوازی بە یاریزانانی شارەکانی کوردستانی دەکات.



# ئیبراهیمۆڤیچ پێویستی به كاتی زیاتره

دوو هەفتە کەمتر بەر لە دەستپێکردنی خولی ئیتاڵیا، یانەی میلان بە سەرکردایەتی ستیفانۆ پیۆلی گورزێکی خراپی بەرکەوت.

سەرچاوەکانی نزیک لە یانەی میلان، زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی پێویستی بە کاتێکی زیاترە بۆ چاکبوونەوە لە پێکانەکەی و گەڕانەوە بۆ نێو مەشقەکانی یانەکە.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە زڵاتان، کە لە ئەژنۆید تووشی پێکان بووە بەدڵنیاییەوە بەشداری لە یەکەم یاری یانەکەی لە خولەکە ناکات، کە بەرانبەر سەمپدۆریا دەبێت، هەروەها بە ئەگەری زۆرەوە ناتوانێت بەشداری لە یاری هەفتەی دووەمیشدا بکات، کە تێیدا میلان لەسەر یاریگەی سانسیرۆ میوانداری کالیاری دەکات.

وەک ئەو سەرچاوانە باسی دەکەن، ئەگەری هەیە ئیبراهیمۆڤیچ لە گەڕی سێیەمدا بەرامبەر یانەی لازیۆ یاری بکات، کە رۆژی ١٢ی مانگی داهاتوو، دوای تەواوبوونی هەفتەی فیفا بەڕێوەدەچێت.

ستیفانۆ پیۆلیی راهێنەری میلان، لە دوو هەفتەی یەکەمی خولی ئیتاڵیا بۆ پڕکردنەوەی شوێنی زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ پشت بە تواناکانی ئۆلیڤێ ژیرۆی هێرشبەری فەرەنسی دەبەستێت، کە لەم هاوینەدا لە چێلسییەوە پەیوەندی بە ریزەکانی میلان کردووە.

لە کۆتاییەکانی وەرزی رابردوودا، زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ تووشی پێکانێکی قورس بوو، کە بەهۆیەوە نەیتوانی لەگەڵ هەڵبژاردەی سوید بەشداری لە یۆرۆی ٢٠٢٠دا بکات و تاوەکو ئێستا لە پێکانەکەی ئەژنۆی چاکنەبووەتەوە.

وەرزی نوێی خولی نایابی ئیتاڵیا لە ٢١ی ئەم مانگە دەستپێدەکات و یەکەم یاری لە نێوان ئەنتەرمیلانی پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولەکە و جەنەوا بەڕێوەدەچێت.




# ئەگوێرۆ تووشی پێکانێکی قورس بوو

بەرشلۆنە پێکرانی سێرخیۆ ئەگوێرۆی راگەیاند و ئەگەر هەیە تاکو مانگی ١١ نەگەڕێتەوە یاریکردن، بەمەش بۆ ماوەی ١٠ هەفتە لە یاریکردن دادەبڕێت.

بەرشلۆنە بەر لە یارییەکەی بەرامبەر یۆڤانتۆس لە جامی خوان گامبەر رایگەیاند هەریەکە لە سێرخیۆ ئەگوێرۆ و لێنگلێت تووشی پێکان بوونە، هێمای بۆ ئەوە کردووە لێنگلێت پێکانەکەی سووکە و بە زوویی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر هەیە ئاگوێرۆ بۆ ماوەیەکی درێژ دووربکەوێتەوە.

لە لایەکی دیکەیشەوە، جێرارد مۆرینۆی رۆژنامەنووسی باوەڕپێکراو ئاشکرای کردووە ئەگوێرۆ نزیکەی سێ مانگی پێویستە تا دەگەڕێتەوە یاریگاکان و تاکو مانگی یازدە ناتوانێت یاریی بۆ بەرشلۆنە بکات.

سێرجیۆ ئەگوێرۆی تەمەن ٣٣ ساڵ، لە هاوینی ئەمساڵ گرێبەستەکەی لەگەڵ مانچیستەر سیتی تەواو بوو و بە بەهای ١٨ ملیۆن یۆرۆ رووی‌کردە بەرشلۆنە.



# میسی

## خۆشحاڵی خۆی لە پاریس سانت جێرمان دەربڕی

پاریس سانت جێرمان بەفەرمی گواستنەوەی لیۆنێل مێسی بۆ ریزەکانی راگەیاند.

یانەی پاریس سانت جێرمان لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی رایگەیاندووە، مێسی بۆ ماوەی دوو ساڵ گرێبەستی لەگەڵ یانەکەیان مۆرکردووە و بەگوێرەی بەندێکی گرێبەستەکەشی میسی دەتوانێت ساڵێکی دیکەش گرێبەستەکەی درێژبکاتەوە.






مێسی لە لێدوانێکی بۆ ماڵپەڕی فەرمی یانەکەی دەڵێت: من تامەزۆرم بۆ دەستپێکردن بە قۆناخێکی نوێی کاروانی وەرزشیم لە پاریس سانت جێرمان، هەموو شتێک لە یانەکە لەگەڵ ئامانج و ویستی من گونجاوە، من شارەزای توانای یاریزانەکان و دەستەی راهێنەرانی یانەکەم، من سوورم لەسەر ئەوەی یارمەتی یانەکە بدەم بۆ ئەوەی شتێکی نایاب بۆ یانەکە و هاندەران بونیاد بنێین، من تامەزرۆم بۆ ئەوەی بچمە ناو یاریگای پارک دێ پرێنسیس.

هەروەها ناسر خلێفی سەرۆکی یانەی پاریس سانت جێرمان لە بارەی واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ میسی دەڵێت: من دڵخۆشم بەوەی مێسی یانەی پاریس سانت جێرمانی هەڵبژارد و شانازی بەوە دەکەم پێشوازیی لە خۆی و خێزانەکەی دەکەم، من پێشبینی دەکەم هەموومان بەیەکەوە لەگەڵ یاریزانەکان مێژوو بۆ یانەکە و هاندەران بنووسینەوە.





# شەقڵاوە ئامادەکاریی پێویست دەکات

تیپی تۆپی پێی شەقڵاوە کە وەرزی ڕابردوو شان بە شانی یانەی سەیدسادق توانی بگاتە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەم وەرزەش دەیەوێت ئێستاوە تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانا لە یانەکەی کۆبکاتەوە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، یانەی شەقڵاوە چاوی لە مۆرکردنی چەندین گرێبەستە، بۆ ئەوەی شەڕی سەرجەم یانە بەهێزەکانی کوردستان بکات لە خولە گەورەکەی کوردستان، لەم بارەشەوە مامۆستا (زیاد خۆشناو) سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەقڵاوە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ ئامادەکارییەکانمان چڕ دەکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانامان هەبێت، ئامانجی یانەی شەقڵاوە ئەم وەرزە جیاوازترە لە ساڵی ڕابردوو، بۆ ئەوەی کێبڕکێی یانە گەورەکانی خولەکە بکەین، سەرەتا دەمانەوێت بە هێنانی چەندین یاریزان و ڕاهێنەرێکی بەتوانا دەست بە ئامادەکارییەکانمان بکەین، سوپاسی بەرپرسانیش دەکەین، کە بۆ ئەم وەرزە بەڵێنی ئەوەیان پێداوین کە هاوکار و پاڵپشتی شەقڵاوە بن لە خولی نایابی کوردستان، منیش وەکو سەرۆکی یانەکە، بە هەمان نەفەسی وەرزی ڕابردوو هەرچی پێویست بێت بۆ سەرخستنی ناوی شارەکەمان، ئەنجامی دەدەین، تیپەکە دەکەینە یەکێك لە تیپە باشەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تا ئێستاش هیچ گرفت و کێشەیەکی ئەوتۆمان نەهاتۆتە پێش، دەمانەوێت کاری باش بکەین بۆ تیپەکانی شەقڵاوە».



# جامی سوپەری کوردستان بەڕێوەدەچێت

یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بۆ زیاتر پێشخستنی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و، گرنگیدانی یانەکانی کوردستانیش بەم خولەکە، ئەم وەرزە لە کۆبوونەوەی ئاسایی یەکێتییەکە، بۆ پلاندانان بۆ بەرنامەی ساڵی نوێ ٢٠٢٢/٢٠٢١ بڕیاری داوە بۆ هەر چوار یانەی یەکەم تا چوارەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، جامی سوپەر لە نێوان هەریەکە لە یانەکانی (برایەتی-سیروانی نوێ-هەندرێن- شێروانە) بەڕێوە ببات، وابڕیاریشە یارییەکانی جامی سوپەری کوردستان لە ڕۆژژی ٢٥ی مانگی داهاتوو بەڕێوە بچێت، یاریی یەکەم برایەتی و سیروانی نوێ، یاریی دووەمیش شێروانە و هەندرێن، لە ڕۆژی ١٠/١ یاریی کۆتایی لە نێوان براوەی هەردوو یارییەکە بەڕێوە دەچێت، لەم بارەشەوە (جەلال سەعید) ئەندامی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان، ئەمساڵ بڕیارماندا خولێك بکەینەوە بە ناوی جامی سوپەری یانەکانی کوردستان، لە نێوان چوار تیپەکەی چوارگۆشەی زێرینی خولی نایابی کوردستان، کە وەك جامی سوپەر بێت و سەرەتاییەك بێت بۆ ئەم جامە و، لە داهاتوودا وەکو جامی سوپەری لێ بکرێت، بۆ ئەمساڵ لە ٢٥ی مانگی داهاتوو یارییەکانی بەڕێوە دەچێت، سەبارەت بە خولی کوردستانیش، ئەو ئەندامەی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان گوتی: «لە ١٤ی مانگی ١٠ی ئەمساڵ یارییەکان بە شێوەی یەك کۆمەڵە و بە دوو قۆناغ، بۆ سەرجەم یانە بەشدار بووەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستانە بەڕێوە دەچێت، خولی پلە یەکی کوردستانیش لە مانگی ١١ی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێت، خولی پلە دووەکانیش ساڵی داهاتوو لە سەرەتای مانگی یەك بەڕێوە دەچێت، سەبارەت بە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستانیش لە مانگی ١٢ی ئەمساڵ دەبێت. جێگای ئاماژە پێکردنە یارییەکانی وەرزی ڕابردووی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بە دوو کۆمەڵە بەڕێوە چوو، یانەی برایەتی توانی نازناوی خولەکە بەدەست بهێنێت، ئەمساڵیش یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان دەیەوێت بەرنامەیەکی تۆکمە دابنێت، بۆ ئەوەی دوچاری هیچ گرفتێکی تەکنیکی و دارایی نەبێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم خولە سەرتاسەرییانە لە نێوان یانەکانی شارەکانی کوردستان بەردەوام بێت. ساڵانە یانەکانی کوردستان لە نێوان یەکتردا کێبڕکێی بەهێز دەکەن، لە سەر بەدەستهێنانی خولەکە و، چەندین گرێبەستی گرانبەهاش ئەنجام دەدەن.



# نیاز محەممەد نزیکە لە پەیوەندیکردن بە یانەی شورتە

هەر چەندە ماوەیەکی کەمە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی کۆتایی هاتووە، بەڵام یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی خەریکی ئەنجامدانی گرێبەستی گەورەن، لەگەڵ ئەستێرەکانی خولی نایابی عێراقی، نیاز محەممەد بەرگریکاری یانەی هەولێر، لە چەندین یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق گرێبەستی پێشکەش کراوە، لە ناو یانە جەماوەرییەکانیشدا، هەریەك لە یانەکانی شورتە و زەورا بە گەرمی لەسەر هێڵن بۆ گواستنەوەی ئەم یاریزانە، لەم بارەشەوە (نیاز محەممەد) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «زۆربەی یانەکانی بەشدار لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی پەیوەندیان پێوە کردووم، بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەکانیان، بە تایبەتی هەریەك لە یانەکانی شورتە و زەورا، لە ئێستادا دەیانەوێ گرێبەستم لەگەڵ واژوو بکەن، بەڵام من لە پەیوەندیکردن بە یانەی شورتەوە نزیکترم و، دەمەوێت ئەمساڵ لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئاستی باشتر پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی بتوانم لە ڕێگەی ئەم خولەوە بگەمە ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی، لە بارەی یانەی هەولێریش نیاز محەممەد گوتی: «من گرێبەستی یەك ساڵەم لەگەڵ یانەی وەرزشیی هەولێر هەبووە، تا ئێستاش هەولێر لێمی نەپرسیوەتەوە کە بەرنامەی من چی دەبێت، منیش ئەمساڵ دەمەوێ بگەمە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق، یاریزانیش تا لە یانەکانی بەغدا یاری نەکات، بەتایبەتی زەورا و تەڵەبە و شورتە و جەوییە، خەونی گەیشتنت بە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق مسۆگەر ناکات، بۆیە دەمەوێت وەکو یاریزانێکی کورد باشترین ئاست پێشکەش بکەم و، درێسی هەڵبژاردەی عێراقیش لە بەر بکەم، متماتەی تەواویشم بە خۆم هەیە کە بتوانم یەکێك لە ئەستێرەکانی خولی عێراق بم، ئاشکراشە خولی عێراقی یەکێکە لە خولە بەهێزەکان و یاریزان زیاتر کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی ئاستی باش و گەیشتن بە لوتکە دەکات، لە هەر یانەیەك یاری بکەم، ئەوەی لە توانام بێت بۆ خزمەتکردن پێشکەشی دەکەم، دەمەوێت باشترین ئاست پێشکەش بکەم و ببمە ئەستێرەی یەکەمی یانەکەم».

